## بۆ هەموو ئەو خۆشەویستانەی چرا خانی دەنگەکان به داگیرساوی,
## درەوشاوە تر ڕادەگرن

جوانترین پیرۆزبایی.....لە شارەهەنگەکەتان.

بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمێکی تر ،مۆمی ساڵی چوارەمی تەمەنی ئازیزی ئه م چراخانه ،کەمێوانێکی ئێسک سووکی بەر دڵ و دییه مانه،بەردەوام ماڵی هەست و نەستی ئێمە ڕووناکتر دەکاتەوە،

بەر چاوی ڕوو لە ئاسۆمان ،ڕۆژانە پاک دەکاتەوە لەتانە ولە پەڵە ڕەشە کان،هەموو سات ئەم چراخانە دەبزوێت ،وەک ئاوێکی بە خوڕ،سرەوتن نامۆیە لەم شارەهەنگە،وەک دەروونی عاشق هەمیشە نیگەران ،پڕ لە کێنگڵ،بەڵام دڵ پڕ لە هیوا،وەک مناڵ ڕوو بە خەندەو نوورانی وموژدە بەخشی بەهەشتەکەی سەرزەوی،ئەم شارە هەنگە هەر لە یەکەم کلیک کردن وسەر بە ژووراکردن باوەشی پڕ موحیببەتت بۆ دەکاتەوە،ئەم شارە هەنگە هیچ سەیتەرەو کۆنترۆڵ وپەڕۆ و دارە شەخسەیەک لە خۆ ناگرێ بەرز تر لە ئینسان،ئەم شارە هەنگە هەوایەکی سازگاری بەردەوامی تیا هەڵدەکات کە بۆ زۆربەی عاشقانی دڵ گەرم و خوێن پڕ لە جۆش، کوێستانێکە لە ئەنتەرنێت،لە یەکەم خۆ بە ژوورا کردن ئاوازی ریتمێک جەزبت دەکات زۆر ئینسانی ،لە گەڵ خۆیدا دەبیت بە پەپوولەو سەما بە باڵی ئەو ڕیتمە دەتفڕێنێ،ئەم ڕیتمە ڕەنگاو ڕەنگە بەڵام زۆر تاکە ،زۆر شەففافە ،تان وپۆکەی ڕێز و خۆشەویستی وهەڵوێستە بۆخودی ئینسان ومەسەلە چارەنووسسازەکانی،کە بە جۆرەها شکل و شێوەی بێ کۆتایی دەکرێت تەعبیری لێ بکەین،لەم شارە هەنگە هەست دەکەی سەربەخۆ، پشت بەخۆ بەستوو، خاوەن هەڵوێست، بەرگەی شکان و کەوتن و هەستانەوەی تر دەگری ،ئەم شارە بە کورتی داماڵراوە لە چەک وشەڕە پەڕوو،ئەوانەی لەم شارە بە کاروانی لادەدەن هەمیشە مەستن بە شەرابی ڕێز و هەڵوێست وخۆشەویستیی بۆ خودی ئینسان ،ئەوانەی نەگەشتوون بەم پلەیە کەمتر لێرە لا دەدەن ،ئەم شارە ناوبانگی هەر بەوە دەرکردووە کە، تۆن و ڕیتمێکی نوێ ترە،ڕەوان ترە بە هەڵوێست ترە ،پڕاوپڕی گەرووەکانە،ڕەنگێکی جیایە، دەنگێکی جیایە ، ئەم شارە شاری ڕەندانە ،شاری دەنگەکانە.

فازڵ عوسمان/سویسرا2005/6/7

هیوادارم هەر بەردەوام بن ،پیرۆزبایی دوو بارەم.

# پیرۆز بـایـی

بۆ برایانـی بـه ڕێزی ده نگه کان

سه ره تا داوای لێبوردن ده كه م لێتان ،چونكه  لـه كاتـی خۆیدا پیرۆزبایم بۆ نـه ناردن . دیاره هۆكه شی ده گه ڕێتـه وه بۆ مه شخول بوونم  بـه گواستنـه وه ی شوێنـی ژیانم .
پێویستـه بڵێم كه سایتـه كه تان ، بـه ڕاستـی توانیویـه تـی خزمه تـی  ئـه ده ب و ڕۆشنبیری  گه لێك بكات، كه  هیچ نـه تـه وه یـه ك هێنده دوژمانـه یـه تـی  كولتور هونـه ری   نـه كراوه.
گۆڤاره كه تان بـه دڵنیایـه كـی زۆره وه ، ده نگێكـی گه وره ی شۆرشگێڕی بووه و لـه خزمه تـی بزاڤی پێشكه وتنخوازان بووه و ، بۆتـه  چقڵێكیش بۆ چاوی  دوژمنانـی ( بیرو  هۆش  و  پێشكه وتنخوازی ) .
لـه بـه ر ئـه وه ی من خۆم بـه دۆستـی ئێوه ده زانم ، پێم باش بوو چه ند پێشنیارێك بۆ ئێوه ی بـه ڕێز و خۆشه ویست بكه م  :

/ ئـه گه ر بكرێت با هه واڵ و ده نگوباسه كرێكاریه كان ڕۆژانـه بێت،گه ر ده توانن لاپه ڕه یـه كـی تایبـه تـی بۆ دابنێن . بـه حوكمـی ئـه وه ی ئـه مڕۆ میدیاكان هه موو بـه ده ستـی سه رمایـه داریـه وه یـه ، زۆر هه واڵ هه یـه ناوترێت یان بـه كه مـی و خراپـی بـاس ده كرێت .
/لـه مه ڕ چاوپێكه وتن و دیداركردن ، هیچ هه نگاوێكتـان لـه و بـاره یـه وه نـه ناوه . بـاشتره گه ر بتوانن ئـه م بواره ش په ره پێبده ن ، چونكه ئـه وه ش بـه شێكـی گرنگـی  زانستـی ڕۆژنامه وانییـه .  بـه تایبـه ت چاوپێكه وتن لـه گه ڵ هه ڵسوراو ڕۆشنبیرانـی بێگانـه ، كه ئـه مه سودێكـی گه وره ی هه یـه بۆ بزاڤی پێشكه وتنخوازی كوردی .
/گه ر بكرێت كتێبخانـه كه تان ده وڵه مه  ند تری بكه ن ، بـه تایبـه ت بـه كتێبـی كۆمۆنیستـی ، كه جێی داخـه زۆر كه متان هه یـه.
/هه ندێك كه س كه تا سه ر ئێسقانـی، دوژمنـی ده نگی كۆمۆنیستـی  و پێشكه وتنخوازیـه . بـاش نییـه لـه م ده نگه  جوانـه ی ئێمه  دا گوێمان لـه ده نگی ناخۆشیان بێت . چونكه بـه ڕاستـی ده نگی نـاخۆش زۆر زۆره و بـه پێچه وانـه شه وه ده نگی خۆش زۆر كه مه . بۆ نموونـه كه سانـی سه ر بـه دوو مافیای كوردی  بـاش نییـه شتیان بۆ بڵاوبكه نـه وه . چونكه دڵنیابن گه ر  ئـه م ده نگه لـه كوردستاندا بووایـه،ده مێك بوو ئـه و دوو مافیایـه  ئـه م ده نگه شیان لـه نـاو ده برد.لـه لایـه كـی تره وه ئـه مڕۆئـه وان بواری بڵاوكردنـه وه یان زۆر  زۆره و، پێویستیشان بـه م

ده نگه ی ئێمه نییه .

له کۆتایدا جارێکی تریش پیرۆز باییتان لێده که م  و هیوادارم هه ر ده م له پێشکه وتن و خۆشی و سه رکه وتندا بن .

هه ر شاد بن

براتان

ئه رده ڵان  عه بدوڵڵا
ئه ڵمانیا